مەدینە جێدەهێڵن سەرەڕای ئەمەش لە باشترین حاڵدایە، تەنها ئاژەڵ تێیدا دەمێننەوە

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «مەدینە جێدەهێڵن سەرەڕای ئەمەش لە باشترین حاڵدایە، تەنها ئاژەڵ تێیدا دەمێننەوە، ئەو کەسانەی لە کۆتادا دەمرن دوو شوانن لە هۆزی موزەینە، بە شوانیکردنی پەزەکانیانەوە دێن بۆ مەدینە، بەڵام دەبینن پڕە لە ئاژەڵی درندە، هەتا دەگەنە (سەنیەتی وەداع:ثنية الوداع) لە سەر ڕوویان دەکەون (دەمرن)».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەم فەرموودەیەدا باسی ئەوە دەکات کە مەدینەی پیرۆز، خوای گەورە ڕێزدارتر ومەزنتری بکات، لە سەردەمی نزیکبوونەوەی قیامەتدا ئەوانەی لێی نیشەجێن چۆڵی دەکەن هەتاوەکو تەنها ئاژەڵ تێیدا دەمێنێتەوە وهیچ مرۆڤێکی تێدا نیشتەجێ نابێت، ولەگەڵ ئەمەشدا بارودۆخێکی باشی هەیە، وپاشان باسی ئەو کەسانە دەکات کە لە کۆتایی ئەم دونیایەدا دەمرن کە دوو شوانن لە هۆزی موزەینە بە پەزەکانیانەوە دێن بەرەو مەدینە، ودەبینن چۆڵ بووە، وتەنها ئاژەڵی درندە وباڵندەی تێدایە، وکاتێک دەگەن بە ناوچەی (سەنیەتی وەداع: ثنية الوداع) لەسەر ڕوویان دەکەون (دەمرن).

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3116